حوکمەکانی شەوی قەدر و ئیعتیکاف کردن لە مزگەوتدا

مەلاعومەری چنگنیانی

بەرایی: چونکە ئەمڕۆ کە 24ی رەمەزانی 1431ی کۆچیی، بەرامبەرە بە 3ی ئەیلولی 2010ی زاینیی، دوایین نووسینی یەک لاپەڕەیی مانگی رەمەزانمە، پشتیوان بەخوا، ئەم بابەتە تەرخان دەکەم بۆ باسکردن لە شەوی قەدر. بەوهیوایەی، کە بتوانین بیرهێنانەوەی پێویست بکەین و ئەوکار و کردەوانەی ئەنجامی دەدەین تیایدا، لەسەربنەمای سوننەت بێت، نووسینەکە دەکەمە دووبابەتی سەرەکی: حوکمەکانی شەوی قەدر و ئیعتیکاف کردن لە مزگەوتدا و هەر بەشەیشیان دابەش دەکەم بەسەر چەند بڕگەیەکدا و بە پێویستیشی دەزانم، لێرەدا نامێلکەیەک بکەمە سەرچاوەی سەرەکی بابەتەکەم، کە لە دانانی، رێزدار: (یحیی بن موسی الزهرانی)ـە و نووسینێکی ئەکادیمی و بابەتیانەیە.

یەکەم: شەوی قەدر: خوای گەورە قورئانی پرلە بەخششی لە شەوێکی پیرۆز و پڕ لە فەڕ و بەرەکەتدا ناردووەتەخوارەوە، کە ئەو شەوە، لە هەموشەوەکانی ساڵ، پیرۆزترە و خواپەرستی تێیدا، لەوەخێرترە، کە کەسێک لە نەتەوەکانی دیکەی بەرلە ئێمە، ماوەی هەزار مانگ، خواپەرستی کردبێت، بەمانا هەشتا و سێ ساڵ و سێ مانگ، ئەوشەوەیش شەوی قەدرە، خوای گەورە لە بارەی ئەوشەوەوە، دەفەرموێت: (إنا أنزلناه في ليلة القدر * وما أدراك ما ليلة القدر * ليلة القدر خير من ألف شهر * تنزل الملائكة والروح فيها بإذن ربهم من كل أمر * سلام هي حتى مطلع الفجر)القدر). واتە: (ئێمە ئەم قورئانەمان لە شەوی قەدردا، ناردۆتە خوارەوە، رەنگە تۆ ئێستا نەزانی شەوی قەدر یانی چی!، شەوی قەدر ئەوشەوەیە، کە خواپەرستی کردن تێیدا، لە پەرستشی هەزارمانگ خێرترە، لەوشەوەدا بە فەرمان و ویستی پەروەردگاریان، بە یاوەری جوبریل، فریشتەکانی خوا دێنەخوارەوە و لە هەمووشت دەدوون و ئەوشەوە تابەیانی و کاتی خۆرهەلاتن، سڵاو و میهرەبانی خوای گەورە پەخش دەکەن بەسەر موسڵماناندا).أ: بۆچی پێی دەگوترێت: شەوی قەدر؟: 1: بە بۆچوون و تێگەیشتنی لایەک لە زانایان، لەو شەوەدا، پەروەردگار بڕیارەکانی خۆی لەمەڕ بژێوی و ژیان و گوزەرانی خەڵک بڕیاردەدات، کە ئەمەیش جۆرێکە لە حیکمەتەکانی خوای گەورە.2: بۆیەکە ناوی لێنراوە شەوی قەدر، لە بەرەکەت و رێزەوە هاتووە، کە خوای گەورە، لە ئایەتەکەدا، بۆخۆی ئاماژە بۆئەم مانایە دەکات. کە گومان لەودا نییە، شەوێک ئەوهابێت، بەها و رێزێکی زۆری هەیە.3: لە بەرئەوەیە، کە پەرستش تێیدا، خێرێکی زۆر و بەهایەکی بێ سنووری هەیە، ئەوەتا پێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت: (هەرکەسێک بە بڕواوە و بەهیوای پاداشتی گەورەی خوا، لە شەوی قەدردا، رۆژ بکاتەوە و خەریکی پەرستش بێت تێیدا، ئەوە خوای گەورە لە هەمووتاوان و گوناهەکانی ئەوکەسە خۆش دەبێت و قەڵەمی لێبوردن بەسەر هەمووتاوانەکانیدا دەهێنێت. شێخ موحەممەد صالح ئەلعوسەیمین دەفەرموێت: (ئەگەر لەوشەوەدا، مرۆڤی بڕوادار، خەریکی پەرستش بێت، با نەشزانێ شەوەکە، کەیە و بۆیشی دیاری نەکرێت و پێی نەزانێت، هەرخێری شەوەکەی پێ دەبڕێت، چونکە پێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت: (من قام ليله القدر إيمانا واحتسابا) نەی گوتووە: زانیاری هەبێت بەسەر شەوەکەدا، گەر بوایە و مەرج بوایە زانستی بەسەردا شکاندن، ئەوە بوایە پێغەمبەر(د.خ)، باسی لێدەکرد.ب: نیشانەکانی شەوی قەدر:1: ئەو شەوە ئاسمان درەوشاوەییەکی زۆر و بەرچاوی پێوە دیاردەبێت، بەڵام، ئێستا، بەهۆی بوونی رووناکی ماڵ و شەقامەکانەوە، لە کاتی بوونی وزەی کارەبادا، ئەو رووناکییە نابیندرێت، مەگەر لە دەر و دەشت و گوندەکان.2: بە پێوەری شەوەکانی دیکەی رەمەزان، ئەو شەوە لە هەموویان روناکتردەبێت.3: لەوشەوەدا، بڕوادار، لە خۆڕا، هەست بەدڵ ئارمییەکی زۆر دەکات و بەشێوەیەک، کە خۆی هەست دەکات کە لە شەوەکانی دیکەدا، ئەوهەستەی نەبووە و بەوشێوەیە نەبووە. 4: لەوشەوەدا، (با) بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو، هەستی پێ دەکرێت کە ئارامە و گیژەڵو کە و شت بەسەر یەکدادان و ئەو شتانەی نییە و کەش و هەوایەکی ئارام دەبێت. 5: رەنگە هەندێک کەس، لە خەویدا ئەو شەوەی نیشان بدرێت و پێی بگوترێت: کە ئەوشەوە شەوی قەدرە، وەکچۆن، لە نێو دەقی فەرموودەکاندا باس لەوە کراوە، کە هەندێک لە یارەکانی پێغەمبەر(د.خ)، لە خەویاندا، ئەو شەوەیان پێ گوتراوە و بۆیان دەست نیشان کراوە.6: لەوشەوەدا، زیاد لە هەموشەوەکانی دیکەی مانگی رەمەزان، مرۆڤی بڕوادار، هەست بەتام و چێژێکی تایبەتی شەونوێژ و قورئان خوێندن و سەرقاڵی بوونی پەرستشەکانی دەکات. 7: بەیانیی ئەوشەوە، کە خۆر هەڵدێت، خۆرتیشک ناهاوێژێت و ئاسۆ زۆر روون دەبێت، وەک لە فەرموودەی دروستی پێغەمبەردا هاتووە(د.خ): (لەوبەیانییەدا، کە خۆر هەڵدێت، خۆر هیچ تیشک هاویشتنی نییە). ج: گەڕان بەشوێن قەدردا: شەوی قەدر شەوێکی پڕ لە فەڕە و یەکێکە لە شەوەکانی مانگی رەمەزان و دەکرێ، مرۆڤ بۆ دۆزینەوە و وەدەستهێنانی پاداشتەکانی ئەو شەوە، لە دەیەی سێیەمی مانگی رەمەزاندا بۆی بگەڕێت، بەتایبەتی لە شەوەتاکەکاندا، لە هەموشەوێکییش زۆرتر، کە وا چاوەڕوان بکرێت، کە وەبەر ئەوشەوە پرلەفەڕە بکەوێت، شەوی بیست و حەوتی رەمەزانە، وەک لە زۆر فەرموودەدا، ئاماژەی بۆکراوە و لە فەرموودەیەکی پێغەمبەرداهاتووە(د.خ): (هەرکەس بیەوێت، بە شوێن شەوی قەدردا بگەڕێت، با هەوڵی خۆی بدات، کە لە شەوی بیست و حەوتدا بۆی بگەڕێت). ئەوەی دوای سەرجەمی ئەو فەرموودانەی، کە لەم بارەیەوە، هاتوون، بۆمان دەردەکەوێت، ئەوەیە، کە ئەو شەوە، شەوێکە دەگەڕێت و لەیەک شەودانامێنێتەوە و هەرساڵەی دەکەوێتە شەوێکەوە، هەربۆیەکە گرنگ ئەوەیە، بڕوادارخۆی ماندووبکات، تێیدا و پەرستش ئەنجام بدات. د: گەورەیی و خێرەکانی شەوی قەدر: 1: شەوێکە، کە خوای گەورە، قورئانی تێدا ناردووەتەخوارەوە. 2: شەوێکی پڕ لە فەڕو بەرەکەتە. 3: شەوێکە تێیدا دەستنیشانی رێژە و ئەندازەی تەمەن و رۆزی و چاکی و خراپی، تێدادەکرێت. 4: پەرستش تێیدا، چەندچەندانەی شەوەکانی دیکەی ساڵ و تەمەنە. 5: شەوێکە فریشتەکانی خوای گەورە وێڕای جوبرائیل تێیدا دێنە خوارەوە، خێر و بێر و بەرەکەت و فەڕ پەخش دەکەن بەسەر خەڵکیدا. 6: لەوشەوەدا، خراپەکرد، کەم دەبێت و بەزۆری شەوی خواپەرستییە و خەڵکی بەپەرستشەوە سەرقاڵ دەبن. لەوشەوەدا، شەیتان ناتوانێت بگاتە ئەو شتانەی، کە لە شەوەکانی دیکەدا پێی گەیشتووە. 7:لەوشەوەدا، بەدەستهێنانی لێخۆشبوونی خوایی تێدایە، لە هەموو گوناهان، وەک لە فەردموودەدا هاتووە و پێشتر باسمان لێکرد.

دووەم: گۆشەگیری و کەنارگیری (ئیعتیکاف): رەنگە وەک وشە کاری، بەکارهێنانی وشەی کەنارگیری و گۆشەگیری، پڕ بەپڕی، وشەی (ئیعتیکاف)نەبێت، کە لاتریکە بەستن و خۆ دوورخستنەوەلە خەڵک و دەور و بەر، زۆر تر بگونجێت لەگەڵ دەستەواژە شەرعییەکە، بە هەر حاڵ بڕواداران لەوشەکە، تێدەگەن و گرنگ لێرەیشدا تێگەیشتن لە مانای وشەکە و پێناسەکردن و شێوازی جێبەجێکردنێتی، زێدەتر لەوەی، کە بریتی بێت لە شتێکی دیکە.أ: ئیعتیکاف: لە زمانی عەرەبیدا: واتە: بەرداوام بوون لەسەر شتێک، ئیتر ئەوشتە، چاک بێت یان خراپ. ب: ئیعتیکاف: لە زمانی شەرعدا: گۆشەگیری و وابەستەبوونە، بە مزگەوتەوە، بۆ ئەنجامدانی خوا پەرستی و پەرستش کردن، لە لایەن کەسێکی موسڵمانەوە، کە عاقڵ و ئەهلی تەمیزبێت، پاکیش بێت لەوشتانەی، کە غوسڵ بە پێویست دەگێڕن، دەبێ ئەوگۆشەگیری(ئیعتیکاف)ە، لە نێو مزگەوتدا بێت، ئیترباشەو بێت، یان بە ڕۆژ. پێغەمبەر(د.خ)، دەرۆژەی دوایی مانگی رەمەزان ئیعتیکافی دەکرد، سابەڵکو لە لایەک بۆ ئەوەی بەدووی شەوی قەدردا بگەڕێت، سابەڵکو وەبەر فەڕ و بەرەکەتی ئەو شەوە بکەوێت، ئەوکاتەی، کە پێغەمبەر(د.خ) ئیعتیکافی دەکرد، پارچە خەسیرێکی تایبەت دەکرد بەخۆی و زێدەترلەگەڵ خۆی دەبوو، تەنانەت کەم لەگەڵ دەورو بەرەکەیشی دەدوا و رەفتاری دەکرد، هەربۆیەکە ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەڵێ: بۆ ئەوکەسەی لە ئیعتیکافدایە، موستەحەب نییە، کە تێکەڵی خەڵک بێت، با بۆئەوەیش بێت کە خەڵکی فێری قورئان خوێندن بکات، با بۆخۆی خەریکی لاڵاندنەوە بێت لە خوای خۆی. ئەم ئیعتیکافە، بریتییە لەو خەڵوە شەرعییەی، کە لە ئایبیندا باسی لێ دەکرێت، دەبێ ئەو یئیعتیکاف کردنە لە نێو مزگەوتەکاندا بێت، بەتایبەتی دەبێ لەنێو مزگەوتێکدا بێت، کە نوێژی جومعەی تێدا بکرێت. ج: حوکمی ئیعتیکاف: ئیعتیکاف کردن، لە هەرکاتێکی ساڵدا، سوونەتە، بەڵام لە مانگی رەمەزاندا، لە هەموکاتێک زۆرتر سوننەتە، بەتایبەتی، لە دەشەوەی کۆتایی مانگەکەدا، بەڵام ئەگەر کەسێک، ئیعتیکاف کردنی لەسەر خۆی بە پێویست گێڕا، ئەوا لەسەری بە پێویست دەگەڕێ و دەبێ جێبەجێی بکات، چونکە پێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت: (ئەگەر کەسێک، لەسەر خۆیی بە پێویست گێڕا پەرستشێک ئەنجام بدات، بائەنجامی بدات). بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە، کەرۆژێکیان عومەری کوڕی خەتابیش(ر)عەرزی پێغەمبەری کرد(د.خ): کاتی خۆی، لەسەردەمی نەفامیدا، لەسەر خۆم بەپێویست گێڕابوو، کە شەوێک، لە(مەسجیدولحەرام)، لای کابە، ئیعتیکاف بکەم، ئەویش فەرمووی: (نەزرەکەت جێ بەجێ بکە)، لە دوای پێغەمبەریش(د.خ)خێزانەبەڕێزەکانی، ئیعتیکافیان دەکرد. باشترین شوێنیش بۆ ئیعتیکاف تیداکردن، مزگەوتی کابە و مزگەوتی پێغەمبەر(د.خ) و مزگەوتی قودسە، بەڵام لە هەر مزگەوتێکی دیکەیشداهەر دروستە. دروست نییە، ئافرەتی خاوەن مێرد، بە بێ رێگەپێدانی مێردەکەی، ئیعتیکاف بکات، هەروەها نەپیاو و نە ئافرەت بۆیان نییە لەماڵەکەی خۆیاندا ئیعتیکاف بکەن، چونکە ئیعتیکاف کردن، بە تەنها لە مزگەوتدا ئەنجام دەدرێت. ژنەکانی پێغەمبەریش(د.خ) وەک بوخاری بۆمانی دەگێڕێتەوە، لە کاتی خۆیدا ساڵێکیان ئیعتیکافیان کرد لە مزگەوت ئەگەر لەماڵەوە دروست بوایە نەدەهاتنە مزگەوت. د: بەڵگەکانی دروستێتی ئیعتیکاف کردن: خوای گەورە، لە باسی ئادابەکانی رۆژۆوان و ئادابی ئیعتیکافدا، لە ئایەتی 187ی سورەتی ئەلبەقەرەدا، دەفەرموێت: (ئەوکاتەی، کە لە مزگەوتەکاندا، لە ئیعتیکافدان، لەگەڵ خێزانەکانتاندا سەرجێی مەکەن). لە ئایەتی 125ی هەمان سورەتیشدا، کە باس لە فەرمانی خۆی دەکات بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل پێغەمبەر(د.خ)،دەفەرموێت:(ماڵەکەی من پاک بکەنەوە بۆ ئەوکەسانەی، کە دێن بۆ تەواف کردن و سووڕانەوە بەدەوریدا و بۆ ئە وکەسانەیش، کە ئیعتیکاف دەکەن لە دەوری). وەک دەبینین، لە هەردوو ئایەتەکەدا ئاماژە بۆ ئیعتیکاف کردن دەکات، بەمانا ئیعتیکاف کردن و دۆشدامان و گۆشەگیری کردن بۆ زیاتر دەرفەت بۆ رەخساندن، بۆ بەخۆدا هاتنەوە، شتێکی شەرعییە و لە ئایینی ئیسلامدا هەیە.لە وفەرموداندیشدا، کە عەبدولاڵای کوڕی عومەر و ئەنەسی کوڕی مالیک و عائیشەوە(ر) هاتوون، کە پێغەمبەر(د.خ)، لەدەشەوەی ناوەندی مانگی رەمەزاندا، ئیعتیکافی دەکرد، پاشان خستییە دەیەی کۆتاییەوە، تا کۆتایی ژیانیشی لەسەر ئەوکردەوەیە بەردەوام بوو، پاشان لەدوای کۆچی دوایی کردنی خۆیشی، خێزانەکانی، ئیعتیکافیان دەکرد) ئەم دەقەیش بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە. لە ئەبوسەعیدی خودریشەوە هاتووە(ر)، کە پێغەمبەر(د.خ)، لەسەرەتای دەیەی یەکەمی رەمەزاندا، ئیعتیکافی کرد و پاشان خستییە ناوەراست و پاشان، خستییە دەیەی کۆتایی و لەمزگەوت گومەزێکی تورکییان بۆ دانابوو، کە حەسیرێکی تێدابوو، پاشان حەسیرەکەیشی هێنایە کەنارێکەوە و رووی کردە خەڵکی و فەرمووی: من لە دەشەوەی یەکەمدا ئیعتیکافم کردبوو، لە دووی ئەم شەوە – شەوی قەدر – دەیەوێت ئەودەشەوەی مانگی رەمەزان ئیعتیکاف بکات، دەفەرموێت منیش داوام لێکرد رێگەم پێبدات منیش ئیعتیکاف بکەم، ئەویش رێگەی پێدا و پاشان حەفسەیش داوای کرد بەهەمان چەشنە رێگەی پیدا و کە زەینەبیش ئەوانی بینی ئەویش داوای کرد، فەرمانی دەکرد شوێنێکی بۆدروست بکەن و کردیان کە پێغەمبەر(د.خ)، نوێژی دەکرد رووی دەکردە دیوار و سەیری ناو مزگەوتی دەکرد، کە ئەو هەموو کەپرۆکەیەی، خێزانەکانی بینی، فەرمووی: ئەوانەچین؟، گوتیان: ئەوەهی عائیشە و حەفسە و زەینەبە، ئیتر پێغەمبەر(د.خ) بەتووڕەییەوە فەرمووی: ئەرێ ئەمانەتان بۆ خێرکردووە؟، دەمن ئیعتیکاف ناکەم، ئیترگەڕایەوە بۆماڵەوە و کە جەژنیان کرد، ئەمجار لە شەوالدا چووە مزگەوت ئیعتیکافی کرد). ح: چوونی ئەو کەسەی کە لەئیعتیکافدایە بۆ نێو مزگەوت: ئیعتیکاف کردن، لە هەموکاتێکدا هەر سوننەتە، با چرکە ساتێکیش بێت، ئەوکات ئەگەر ئەوهابوو ئەوکەسەی دەیەویت ئیعتیکاف بکات، کەی دەچێتە نێو مزگەوت، کەی لێی دەردەچێت، بۆخۆی ئازادە، بەڵام بەنیسبەت ئەم دەیەی کۆتایی مانگی رەمەزانەوە، لە دوای نوێژی بەیانی، یەکەم رۆژی سەرەتای دەیەمی سێیەم، دەست پێدەکات، لە دوای خۆر ئاوابوونی دوایین رۆژی مانگی رەمەزان تەواو دەبێت و ئەوکاتە دێتە دەرەوە، کە ئەمەیش راو بۆچوونی ئیمام ئەحمەدە، زۆرری دیکەیش لێرەدا، هەیە و ئەمە لە هەموویان بە هێزتر و پەسەند ترە لەلامان. گ: مەرجەکانی ئیعتیکاف کردن: بۆئەوەی ئیعتیکاف قەبووڵ بێت وەربگیرێ و تەواو بێت، ئەم مەرجانەی پێویستە:1: موسڵمان بوون: کەوابوو، ئیعتیکاف کردن، لە کەسێکەوە، کە بێبڕوابێت و کافر بێت دروست نییە، چونکە کەسێک، کە بڕوای بە بنەما و پیرۆزییەتەکانی ئیسلام نەبێت بۆخۆی، چۆن هیچ پەرستشێکی لێ وەر دەگیرێت؟، لەلایەکی دیکەیشەوە، ئیعتیکاف کردن دادەنرێت بە لقێک لە لق و فەرعەکانی ئیسلام و کافریش هیچ کارێکی لێ وەرناگیرێت، ئەگەرر بڕوای نەبێت و بەردەوامبێت لەسەر کوفرو بێ بڕوا بوونەکەی.2: عەقڵیش مەرجێکی دیکەی دروست بوونی ئیعتیکافە: چونکە لە شێت و منداڵ وەرناگیرێت،ولەبەرئەوەی،ئیعتیکاف نییەتی پێویستە و شێت و منداڵیش هەست بەگرنگی نییەت ناکەن.3: دەبێ شوێنی ئیعتیکافەکە، مزگەوت بێت: چونکە لە هیچ جێگەیەکی دیکە، بەدەر لە مزگەوت بەناوی ئیعتیکافەوە ئەو دانیشتنە قەبووڵنییە و وەرناگیرێت.4: نییەت هێنان: چونکە هیچ ئیعتیکافێک بەبێ نیەت نابێت و ئیعتیکاف پەرستشە و پەرستشیش، بەبێ نییەت ناکرێت و جێبەجێ نابێت، چونکە پێغەمبەر(د.خ)دەفەرموێت: (هەموکردەوەیەک بەنییەتە، واتەنییەتی پێویستە). 5: پاکێتی لە لەش پیسی: دروست نییە ئەوکەسەی دەچێتەنێو ئیعتیکاف، بەلەشی پیسەوە بچێتەنێو مزگەوت، مەگەر بەرێڕە و پێیدا بڕوات، بەڵام بچێت لەوێ ئیعتیکاف بکات و لە مزگەوت بمێنێتەوە نا، بگرە ئەوەی لەسەر حەرامە، هەروەهائافرەتێکیش لەکاتی سووڕی مانگانەدا بێت یاخود لەزەیستانیدا بێت هەربۆیان رەوانییە، بچنە نێو مزگەوت.6: بۆژنی خاوەن مێرد، رێگەپێدانی هاوسەرەکەیی پێویستە: ئەگەر ئافرەتی خاوەن مێرد ویستی بچێتەنێو مزگەوت ئیعتیکاف بکات پێویستە مێردەکەی رێگەی پێ بدات کە ئیبنو حەجەری عەسقەلانی دوای ئەوەی باسی رووداوی ژنەکانی پێغەمبەرمان بۆدەکات(د.خ) دەفەرموێت: (ئەوە بەڵگەیە، لەسەر ئەوەی، بەبێ رێگەپێدانی مێرد، بۆ ژنی خاوەن مێرد نییە، بچێتە نێو ئیعتیکافەوە). ی: ئەوشتانەی رەوایە بۆکەسێک لە ئیعتیکافدا بێت و ئەوشتانەیش کە رەوانین: سەرجەم فیقهزانەکانمان رایان لەسەر ئەوەکۆکە، کە ئەوکەسەی چووە ئیعتیکافەوە، دەبێ لە مزگەوتەکەدا بمێنێتەوە و ئاگای لە خۆی بێت، لەوێ نەچێتەدەر، مەگەرلەبەرپێویستییەکی هەرزۆر پێویست، بە بەڵگەی ئەوفەرموودەیەی، کە عائیشە(ر)بۆمانی دەگێڕێتەوە، کە دەفەرموێت: (ئەوکاتەی، کە پێغەمبەر(د.خ)، لە ئیعتیکافدا بوو، سەری شۆڕدەکردەوە بۆ ماڵەوە و منیش سەرم بۆ دادەهێنا، ئیتر پێغەمبەر(د.خ)ئەگەر پێویستی بەتارەت گرتن و میز و پیسی کردن ببوایە دەهاتەوە ماڵ)، هەروەها، هەرعائیشە(ر)، لە دەقێکی دیکەدا دەفەرموێت: (سوننەت وەهایە، کە ئەوکەسەی،لە ئیعتیکافدایە، سەردانی نەخۆش نەکات و نەچێت لەگەڵ تەرمدا بۆ گۆڕستان و نزدیکی خێزانی نەکەوێتەوە و سەرجێی لەگەڵدانەکات و نەچێتەدەرە وە، مەگەر بۆشتێکی هەرزۆرپێویستی وا، کە نابێ بۆی نەچێت)، ئیتر مەبەست ئەوەیە کۆمەڵێک شت هەن، دەبێ ئەوکەسەی لە ئیعتیکافدایە، ئاگای لێبێت و لێیان شارەزابێت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و بەتاڵ کردنەوەی ئیعتیکافەکەی:1: دروستە بۆ تارەت گرتن بڕواتە دەرەوە، ئەگەر لە نێو مزگەوتەکەدا، جێگەی ئەوەی لێنەبوو.2: دروستە ئەگەر پێویستی وسڵکردن و لابردنی لەش پیسی گەورە، هەبوو، بڕواتە دەرەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە.3: ئەگەر مزگەوتەکە، نوێژی جومعەی تێدا نەدەکرا، دروستە بچێتە دەرەوە بۆ جومعەکردن، چونکە جومعەکردن، پێویستە و بە هیچ شێوەیەک نابێ سوننەت بکرێتە هۆکاری فەوتاندن و لە دەست دانی پێویست.4: دروستەبچێتەدەرەوەبۆئامادەکردنی خواردن و خواردنەوە و پۆشاکی پێویست، بەمەرجێک کەس نەبێت بۆیی بهێنێت.5: بەڵام بۆی دروست نییە، کە بۆئەوەی، لە دەرەوە بخوا و بخواتەوە بچێتەدەرەوە، ئەگەر وایکرد، ئیعتیکافەکەی، بەتاڵ دەبێتەوە، چونکەخواردن و خواردنەوە، لە مزگەوتدا دروستە.6: ئەگەر گەورەی وڵات، داوای چوونەدەرەوەیی کرد، دەبێ بچێتەدەرەوە، وەک ئەوەی، گەورەی وڵات، فرمانی بەرهەڵستی دەربکات.7: ئەگەر ئافرەتێک، لەوکاتەدا، کە لە ئیعتیکافدایە، مێردەکەی کۆچی دوایی کرد، دروستە ئەوخانمە بچێتەوەماڵەوە، عیدەکەی تەواو بکات.8: گەر کەسێک شایەتییەکی لە ئەستۆدابوو، دروستە بچێتە دەرەوە، بۆلای دادوەر، یان هەرشوێنێک، کە پێویستی بەشایەتییەکەی ئەم هەبێت.9: ئەگەر قەرزدار بوو دەستەڵات لە دووی دەگەڕا و ناچاربوو، بۆی هەیە بڕواتە دەرەوە. یاخود ئەگەر ترسی دوژمنی هەبوو.10: دروستە بۆچارەسەری نەخۆشی گران، بچێتە دەرەوە، بەڵام بۆ نەخۆشی کاتی و بچووک، وەک ژانەسەرێک، یان تایەکی کەم، نابێ بچێتە دەرەوە.11: ئەگەر ئافرەتێک، لە مزگەوت سووڕی مانگانەکەی هات، یان دووگیانێک منداڵی بوو، لەوکاتەدا بۆیان هەیە بڕۆنە دەرەوە و دەبێ وابکەن. 12: گەرکەسێک بەلەبیرچوونەوە، چووەدەرەوە، زیان بە ئیعکافەکەی ناگەیێنێت.13: دروست نییە، بۆسەردانی نەخۆش بڕواتەدەرەوە، هەروەها، بۆ شوێن تەرم کەوتن، مەگەر واجب بێت لەسەری و کەسی دی نەبێت ئەوکارە ئەنجام بدات.14: دروستە لە کاتی ئیعتیکافدا پرۆسەی هاوسەرگیری لە مزگەوتدا جێ بەجێ، بکات یان هاوبەشی بکات لە ئاهەنگێک، کە لە نێو مزگەوتەکەدا بێت، کە ئەمە بەزۆری لە کوردستاندا هەرلەهەولێرەهەیە.15: دروست نییە بۆ بازرگانی و پشووان و سەیرو سەفا بڕواتە دەررەوە.16: دروستە پێشوازی و خوا حافیزی بکات لە خێزان و ماڵی، ئەگەر سەردانیان کرد، لەگەڵیان دابنیشێت، بەڵام نابێ جووت ببێت و سەرجێی بکات. ئەمەیش بەبەڵگەی فەرموودەیەکی سەفییەی کچی ئەختەلی خێزانی پێغەمبەر(د.خ)، کە دەفەرموێت: (سەفیەخان دەڵێ: شەوێکیان، کە پێغەمبەر(د.خ)، لە ئیعتیکافدابوو، چووم سەردانیم کرد و دوای گەڕانەوەم، خواحافیزی لەگەڵ کردم و لەگەڵم هاتە دەرەوە، لەوکاتەدا دووپیاوی مەدینەیی تێپەڕین و کە هەستیان بەپێغەمبەرکرد(د.خ)پەلەیان کرد لە ڕۆشتنەکەیان و ئەویش بانگی لێکردن و فەرمووی: لەسەرە خۆ بن ئەوە سەفیەی خێزانمە، ئەوانیش گوتیان: پەنابەخوا، کەس گومان بەتۆ دەبات؟، ئەویش فەرمووی: شەیتان بەدەمارەکانی مرۆڤدا لەگەڵ خوێندا دەگەڕێت).17: ئەم شتانە هەموویان، ئەگەر ئیعتیکاف نەزر و پێویست کراونەبوو، دروستە لادان لێیان، بەڵام سەرجێی کردن لە مزگەوتدا بەهیچ شێوەیەک ڕەوانییە.18: دەبێ بۆدەعوەتخواردنی دەرەوەنەچێت و ئیش و کاری ماڵی خۆیشی نەبات بەڕێوە و بریکارێکی هەبێت، دەنا بۆئیشی ماڵ و منداڵ نابێ بڕواتە دەرەوە.19: ئەگەر کەسێک ئیعتیکافی لەسەرخۆی نەزر کردبوو، کە چی دەرچووەدەرەوە، دەبێ بە ئەندازەی فەوتاوەکەی بگێڕێتەوە. ک: ئەو شتانەی ئیعتیکاف بەتاڵ دەکەنەوە: ئیعتیکاف کردن، بەهەر یەک لەم شتانەی خوارەوە، بەتاڵ دەبێتەوە:1: هەڵگەڕانەوە لە ئایین، چونکە ئەوکەسە پەیوەندی بەئیسلامەتییەوە نامێنێت و دەبێتە کافر، ئەوکات هیچ داوایەکی شەرع رووی تێناکات.2: ئەوئافرەتەی لە نێو مزگەوت بێت لە ئیعتیکافدا و لەوکاتەدا، سووڕی مانگانەی بۆبێت، یاخود دووگیان بێت و لە مزگەوت لە ئیعتیکافدا بێت و لەوێ منداڵەکەی ببێت، ئەم دووانە دەبێ لە مزگەوت بێنە دەرەوە و چۆڵی بکەن، چونکە ئیعتیکافەکەیان بەتاڵ دەبێتەوە، چونکە مەرجی پاکێتییەکەیان تێدا نەماوە لە جێی خۆیدا.3: ئەگەر ژن و مێردێک، لە ئیعتیکافدا بن، لە مزگەوت و شەو لەوێ بچن سەرجێی بکەن، ئەوە زیاد لەوەی، کە گوناهیان دەگات، ئیعتیکافەکەیشیان بەتاڵ دەبێتەوە.4: دەرچوون لە مزگەوت بە بێ ئەوەی هیچ پێویستییەک بەو دەرچوونە هەبێت، دەبێتە هۆکاری بەتاڵ کردنەوەی ئیعتیکاف.5: سەرخۆشبوون، – کە فەقیهەکان ئەمە باس دەکەن، بە پێویستم زانی بیڵێم، دەنا ئەوەی لەئیعتیکافدا بێت چ پەیوەندییەکی بەسەرخۆشییەوە هەیە – یان بێ هۆش بوون، یان شێت بوون، بۆماوەیەکی درێژ، دەبنە هۆکاری بەتاڵکردنەوەی ئیعتیکاف.

www.chngiyani.com
ayinukomel@yahoo.com

شەوی قەدر شەوێکی پڕ لە فەڕە و یەکێکە لە شەوەکانی مانگی رەمەزان و دەکرێ، مرۆڤ بۆ دۆزینەوە و وەدەستهێنانی پاداشتەکانی ئەو شەوە، لە دەیەی سێیەمی مانگی رەمەزاندا بۆی بگەڕێت، بەتایبەتی لە شەوەتاکەکاندا، لە هەمووشەوێکییش زۆرتر، کە وا چاوەڕوان بکرێت، کە وەبەر ئەوشەوە پڕلەفەڕە بکەوێت، شەوی بیست و حەوتی رەمەزانە

کەرەم قادر
Tel: 4535329
E-mail: karimqader@xebat.net
Tel: 2262672 fax: 2224496
Tel: 2230035
Tel: 7220353 - Tel-fax: 7221499
Tel: 219612
Tel-fax: 7530363
Tel-3220996